
دەریا ڕەواندزی

## فێری سەما کردنم بکە

1

دەستم بگرە!

فێری سەما کردنم بکە

بمبەرەوە

بۆ ئەو سەری کۆڵان

هاوار بکە

من تەنها بۆ تۆم

وەك هەوربە

بەڵام

لەبڕی باران

ورده ماچم بۆ ببارێنه.!

2

هەموو شتێکم فێر بکە

با دەستم بەرت کەوێ

چونکە حەز دەکەم

بۆنی گوڵ

هەمیشە لەدەستم بێ

دەزانم تۆ..

لەبۆن خۆشی و

جوانی دا

دەچیتەوە سەر رەگەزی گوڵ

دەستم بگرە

حەز دەکەم

هەموو کات

بۆنی تۆم لێ بێ

دەتوانی...

پڕ بەباخی هەناسەت

بڵێی: خۆشم دەوێی.!

3

لەوەتەی خۆشم دەوێی

حەز بفڕین دەکەم

دەمەوێ بۆ ئەوپەڕی ئاسمان بفڕم

تەنها باوەشم بۆ بکەرەوە

باوەشی تۆ ئاسمانم دەبێ

گەر پێم بڵێی:

من تەنها بۆ تۆم.!

4

من هی تۆم

دەستم بگرە

بۆ خۆتم بەرە

چۆن دڵت بردوم

ئاوا داگیرم بکە

بپرسە:

بۆ رەنگی ئاسمان شینە

دەنگی پێی باران

لەترپەی دڵی تۆ دەچێ

تەڕێتی باران

وەك لێوی تۆ

هەمووی بپرسە:

بەس پێم بڵێ:

منیش هی تۆم

هەموو وەڵامێك

لەسەمای ئێواران دەبیستی

کاتێك هەناسەم بەر تۆ دەکەوێ.!

5

فێری پێکەنینم بکە

فێرم بکە بگەڕێمەوە

پێم بڵی:

جیهان بۆچی نوێ دەبێتەوە

پێم بڵی:

من تەنها بۆ تۆم

فێری هەناسە هەڵکێشانم بکە

فێرم بکە چۆن بگریم

پێم بڵێ:

خۆشەویستی ڕەنگی شینە

دڵەکەم من عاشقی تۆم.!

6

ئەگەر رۆژێ گوێ بیست بم

خۆشەویستت...

لەگەڵ بێ رەنگیدا رۆیشتووە

من لەم کەلاوەیەدا

لەگەڵ سیحری تاڤگەکانی (نیاگارا) بۆت دێمە دەر

لەرۆحی خۆم

خەونەکانت سەوز دەکەم.!

7

ئەگەر رۆژێ گوێ بیست بم

خۆشەویستت...

بە بێ باران رۆیشتووە

من لەم کەلاویەدا

لەگەڵ تاڤگەی (نیاگارا) بۆت دێمە دەر

لێوی وشکت وەك کانیاوێك

وردە ماچی تەڕ

بەباڵات بێتە خوارێ

ئەو کات دڵم ئارام دەبێ

وەك ئارامی چاوەڕوانیم

کە پێم بڵێی:

من هەر هی تۆم.!

8

ئەگەر رۆژێ گوێ بیست بم

خۆشەویستت...

بۆ ناخی دەریادا رۆیشتووە

من لەم کەلاوەیەدا

لەگەڵ زەوی بۆت دێمە دەر

دەبین بەیەك دەریا

رێگە نادەین

ماسیەکان

بێ گۆرانی سەما بکەن

مانگ، بەبێ تەڕ بوون

لەتاریکی ئاوا بێ

لێرە مەڕۆ

تۆ لەناخی دەریایەك دەژی.!

9

ئەگەر رۆژێ گوێ بیست بم

خۆشەویستت...

لەنیوەشەودا رۆیشتووە

من لەم کەلاوەیەدا

لەگەڵ ئەستێرەکان بۆت دێمە دەر

توند دەتگرم بەخۆمەوە

نەوەك هەست بەتەنیایی بکەی

من تەنیا نیم

تۆش دەهێنم

چونکە تۆ

لەدڵم دەژی

دەی پێم بڵێ:

من تەنها بۆ تۆم

چونکە (من) تەنها هی تۆم.!

ئەلبێرتا/کەنەدا

دەریا رەواندزی

نیاگارا: یەکێکە لە تاڤگە هەر بەناوبانگەکانی جیهان ، دەکەوێتە نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا